# دەروازەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی ژاك دیریدا

و, جەمال پیرە

*"خوێندنەوەی دیریدا ،بێگومان، كارێكی ئاسان نییە" / رۆجیە لابۆرت.*

چوونە ناو بەرنامەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ژاك دیریدا شتێكی ئاسان نییە، رەنگە لە كتێبەكانی تیۆری ئەدەبی دەربارەی هەڵوەشاندنەوە كە جەغد لەسەر دەرهاویشتەی تێگەیشتن بكات دەروازەكان زۆر بن‌و نوسینەكانیش پەرش‌و بلاوبن، رەنگبێ هەمو ئەو ئالۆزییەی چەمك‌و زاراوەكانی دیریدا بووبن بەهۆی ئەوەی كە خوێنەر وەك شتێك لە ترس‌و ئارەزوو بڕوانێتە هەوڵی نزیكبوونەوە لەهەڵوەشاندنەوەی دیریدایی، ترسی نزیكبوونەوە لە شتێك كە پێویستی بە نرخێكی گرانبەها هەیەو هەندێ لەخوێنەرانیش نازانن كە ئارەزووی نزیكبوونەوەیان لە فەلسەفە ئالۆزەكەی دریدا توانای دانی ئەم نرخەیان هەیە، زۆر جاریش ئالۆزی‌و شاراوەیی دەبێتە گۆڕەپانێك لە بۆچونەكان، رەنگە ئەمە كەمكردنەوە بێ لە تێچونی خوێندنەوەی دیریدا، ئێمە دەڵێین كەمی دەكەینەوە ناڵێین ئامانج‌و ویستی خۆمان لەپاڵ ئەم پێشەكییەدا سەبارەت بە چەمكە دیریداییەكان دەخەینە روو ( دژە چەمكێكی كالائامێزی بەخۆڕاییە)، هەروەها رەنگە خوێنەر شتێك لە سەختی ئەو هزرەو زۆری پەل‌و پۆكانی ئەم هزرە ببینێ ، بەلام پێویستە بۆ ئەمە خۆڕاگر بێت، لانی كەم لەبەر تێركردنی رەمەكیی ئارەزووەكانی لەگەڵ ئەمەشدا خوێندنەوەكانی نابن بە شتێكی بێمانا بەڵكو كارێكی جیدییانەیە، خوێندنەوەی دیریدا ئاسان نییە چونكە ئێمە پێویستیمان بە گوێچكەیەك هەیە كە بەچاكی توانای بیستنی هەبێت، بەمانایەكی دی پێویستیمان بە گوێچكەی سێیەم هەیە، كە توانای بیستنی هەبێ، بیستنێكی نوێ، توانای بیستنیئەو شتەی كە پێشتر نەدەبیسترا و خۆلادان لە بیستنی شتێك كە زۆر بیستراوە ، لەبەر ئەم هۆیەوە ستراتیژیای دیریدا وەك ستراتیژیایەكی دڵەڕاوكێئامێزو ڕاڕاو سەركێشانە دەردەكەوێت، ئێمە لێرەدا بەنێو ئەو هەرا جێگیربووانە دەڕۆین كە یاساكان بێهۆشی كردوون‌و بوون بەو سەنتەرەی كە بەرێزو ویقارانە بەدەوریدا دەخولێینەوە، لەدایكبوونی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەمەریكادا راگەیەنرا، ئەو كاتەی كە كۆنگرەیەك دەربارەی (زمانە رەخنەییەكان‌و زانستەمرۆڤایەتییەكان) لەزانكۆی جۆن هۆبكنز لەئۆكتۆبەری ساڵی 1966دا بەسترا، لە نێو بەشداربووانی ئەم كۆنگرەیەدا لۆسیان گۆڵدمان‌و ژاك لاكان‌و تزفتان تۆدۆرۆف‌و رۆلان بارت‌و هەندێكی تر بوون، بە تێڕوانینێكی خێرایانە بۆ دانیشتنەكان وا بەدەردەكەوێت كە ئەم كۆنگرەیە گفتوگۆ نەبوو دەربارەی بونیاتگەریی بەڵكو دەكرێ بڵێین كە زۆربەی تێزە خراوە رووەكان دەربارەی پۆست بونیاتگەریی بوون ، بەشدارییەكەی دیریدا لەو كاتەدا بەناونیشانی(بونیات‌و ئاماژەو گەمە لە زانستە مرۆڤایەتییەكاندا)[1] لە چاو هەموو ئەوانەی تردا مایەی نێرامان بوو، دیریدا لەوێدا رێسای تیۆری هەڵوەشاندنەوەگەریی خستە روو، لەگەڵ ئەوەی كە جموجۆڵی دیریدا بەر لەم بەشداریكردنە شاراوە نەبوو، بەڵكو پێشتر چەندین لێكۆڵینەوەو وتاری چاپكراوی

هەبوو، فەلسەفە بەتايبەت فەلسەفەی دیاردەكان لای ئەدمۆند هۆسرەل(1859-1938) هەوڵی جیدییانەی دیریدا بوون، بە هۆیكتێبەكەی خۆی دەربارەی هۆسرەل(دەروازەیەك بۆ بنچینەی ئەندازەیی هۆسرەل) توانی ناوبانگییەكی گەورەبەدەستبهێنێتو خەلاتی(كافێس)ی لەساڵی1962 دا پێبەخشرێ، لەدوای موحازەرەكەی هۆبكنز دا دیریدا چەند كتێبێكی تری لەسەر یەك لەساڵی 1967 دا دەركردو بلاویكردنەوە ئەوانیش(لە نوسیندا)و(نوسینوجیاوازیی)و(ئاخافتنو دیاردەكان)بوون، بەهەمان شێوە لە ساڵی 1972 دا سێ كتێبی تری بەچاپگەیاند(پەراوێزەكانی فەلسەفە)و(بلاوبوونەوە)و(هەڵوێستەكان)، لەساڵی 1974دا كتێبەگرنگەكەی خۆی(نواقیس Glass) بەچاپگەیاند، دیریدا لەزۆربەی نووسینەكانیدا گوتەزا مەزنەكانی فەلسەفەی فیكری خۆرئاوایی خستۆتە ژێر پشكنینێكی وردەوە، وەك رەخنەوفەلسەفەگەرایىو زمانناسییو ئەنترۆپۆلۆژیا یان(ئەگەر بتوانم وەك كریستۆڤەر بلێم دریدا لە وتارە رەخنەییەكانی سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەكان)ملكەچی هەڵسەنگاندنی رەخنەییانەی هەمەكیی كردووە.

## دەربارەی وشەی (هەڵوەشاندنەوە)

لای هایدگەر ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ كرداری Destruktion,Abbou, لە كاتی نوسینەكەیدا دیریدا لە "گراماتۆلۆژیا" وشەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەك ئالتەرناتیڤێكی ئەم دوو وشە فەرەنسیە بەكارهێناوە،بەهۆی ئەوەی كە ئاماژەیەكی بەرجەستەیە بۆ رووخانو بە پاكتاوكردنو روونكردنەوەو نێگەتیڤیشە، ئەمیش ئەگەر ئاماژە بێت بۆ Destruction ممارەسەی"بونیاد" یاخود"بیناكردنەوە"، ئەوا لێرەدا وشەكە خۆی دوور دەخرێتەوەو لەجیاتیدا وشەی Deconstruction بەكاردێت، دیریدا پێی وایە تێكشكانو روخانی نیتشەییانە لەراڤەكردنی هایدگەرییانەدا بەرجەستە نابێ، شێوازی خوێندنەوەی مەبەستیش لەلایەن دیریداوە تەبەنیكراوە، دواجار ئەو وشەیەی كە دیریدا دەیەویست،دۆزییەوە، لەگەڵ ئەوەی دیریدا پێی وایە هەموو ئەو مەبەستەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەیەوێلەگەڵ سەرجەم ئەو نیازە ریشەییانەدا یەكناگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی قاموسی لیترێ دەتوانێ ئاماژە بەزاڵبوونی نەوەگەرێك دەدا كە لەگەڵ دەستپێكردنی وشە دێتەوە، نەك لەگەڵ كردەی رووخان (بەلام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها دەستەواژە بۆ ئەم مەسەلەیە بەس نییە، لێرەدا تێبینی سووربوونی دریدا دەكرێ لەكاتی خستنە رووی" هەڵوەشاندنەوەگەریدا" ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت كە نە شیكردنەوەیە، نە رەخنەو میتۆدو كردەو پرۆسەیەكە، شیكردنەوە نییە تا بەهۆی گەرانەوە بۆ رەگەزە سادەوناكاراكەی رەگەزەكانی بونیاد هەڵوەشێنێتەوە، بەڵكو، نرخی خودی شیكردنەوە ملكەچی هەڵوەشاندنەوەدەبێت، رەخنەیەك نییە دوای( بریار ،هەڵبژاردن، حوكم، دیاركردن)دا بكەوێ، ئەمە دەزگایەكی رەخنەییانەی ترانسێندێنتاڵە كە نوێنەرایەتی رووبەرێك دەكات، كە بەئامانجی هەڵوەشاندنەوەگەریی دادەنرێ، نەك كردەو پرۆسەیەك، چونكە رەنگە وەك خاوەن كارایەكی دیاریكراو شتێك لە نێگەتیڤگەرایی تێدا بێ، دیریدا

دەڵێ( ئەمە ڕووداوێکە تەنانەت لەمۆدێرنەشدا چاوەڕێی گفتوگۆیەك یاخود هۆشیارییەك یا ڕێکخستنی خودی کارا ناکات ، ڕاستییەکەی شتێك لە هەڵوەشاندنەوەیە کە(هەڵدەوەشێتەوە)[2] بەڵام هەڵوەشاندنەوە پێکدێنێ؟ وەك بارمتەیەکی دواخراو دەمێنێتەوە، لەم کاتەوە وشەی هەڵوەشاندنەوە بە وشەکانیتری وەك نوسین/پاشماوە/جیاوازیی/زێدەیی/پەراوێز/ نۆبەرەوە دەلکێ... لەوێوە لە هەڵوەشاندنەوە تێدەگەین، هەڵوەشاندنەوە بەزاراوەکانی تریش گوتراوە وەك "هێرمینیۆتیکای ریشەیی" کە( ڕینەر رۆکاتز) ناوی نابوو، چونکە لە بنەماکانی فەلسەفەی ئەورووپیدا دەکرێ بگەڕێینەوە سەر"هێرمینیۆتیکای ریشەیی" یا هەڵوەشانەوەگەرایی فاتیمۆ-دیریدا یاخود هێرمینیۆتیکا رەخنەیەکەی هابرماس _ئیل-ڤالتمەر"

ژاك دیریدا پێی وایە "هێرمینیۆتیکای ریشەیی"هەڵوەشاندنەوەی وەهمەکانی کلتوری ترانسێندێنتالی ئەورووپییە[3] بەسەر سەرجەم ئەو تێزانەی کە هەڵوەشاندنەوەگەراکان دەربارەی زمان دەیخەنەڕوو، لە نێو هەوڵەکەی رۆکاتزدا،( رۆکاتز کە ئەندامێك بوو لەنێو دامەزراوەیی تەئویلگەرایدا)، ڕێکخستنی هەڵوەشاندنەوە ڕوونتر بەدەردەکەوێتو زاراوەی دەقگەرایی Textuality بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە دەق هەیە، دادەنێت لەنێویاندا رەخنەگرانی ییل( میلەر،هارتمان، بلۆم، دیمان)و هەردوو بیرمەندی فەرەنسی دیریداوفۆکۆ[4] ریچارد رۆرتی Richard Rorty ئەم زاراوەیەو هەڵوەشاندنەوە لە ئەمەریکادا بە (رەخنەی نوێی نوێ) دادەنێت، هەڵوەشاندنەوەگەرایش ناوبانگێکی لە نێو دامەزراوە زانکۆییەکانی ئەمەریکا دا بە رۆرتی،لیتش دەڵێ جێگەی سەرسوڕمان نییەئەگەر هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە (رەخنەی نوێی نوێ) دادەنێن، هەڵوەشاندنەوەگەرایش ناوبانگێکی لەنێو دامزراوە زانکۆییەکانی ئەمریکا دا بەدەستهێناوە، رۆرتی لیتش دەڵێ جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر هەڵوەشاندنەوەگەرایی بە ( رەخنەی نوێی نوێ) دابنرێت، چونکە پێگەو پلەو پایەی لووتکەی بۆ خۆی گرتبوو،،رابەرانیشی لە گروپی ییل ئاکتیڤتر بوون، بەهەمان شێوە وەك دەروازەیەکی رەخنەیی ئاراستەکراوی دەق حسابی بۆکراوە، بەوەی کە ئەم ناونانە ڕێگر نەبوو لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەی سەرچاوەی تیۆرو بنەما مەعریفییەکانی کە رەخنەی نوێ لەلایەن هەڵوەشاندنەوەگەرییەوە پێی هەڵدەستا، دەکرێ‌خوێندنەوەیەکی خێرایانەی کارە ناوازەکەی پۆل دیمان(کوێروچاوساغ) دەلالەتێك بێ بۆ گۆڕینی هەڵوەشاندنەوە بۆ ئاخافتنو تێزە گەورەکانی رەخنەی نوێ.

## میتافیزیقیای ئامادەبوون Metaphysics of presence

هەڵوەشاندنەوەگەرایی دیریدا پێ لەسەر لێکترازانی ئامادەی خۆرئاوا دادەگرێت کە لەسەر"دارشتنی بوون وەك ئامادەیەك بەهەموو بێماناییەکانی وشە"دەوەستێ، لێکترازانی میتافیزیقیا لەدەرەوەیدا یەکناگرێتەوە بەڵکو بە نیشتەجێبوون لە ناویداو زێدەکردنی لێکترازانەکانیانەوە[5] کە وێڕای هەوڵەکانی شاردنەوەی، بەردەوام لێکترازاو بووە ، "کاری

دیریدا ""'بەتەنها" لەسەر زێدەکردنی ئەو لێکترازانە دەوەستێ کە پێشتر بوونی هەبووە، بـەلاّم پێویسـت بووچـاوەڕێی سـەردەمی خۆمـانو دیریـدا بکـەین[6]، تـەواو بەتــەنها کۆتـایی " ئامادەییەکی خەوناوی" و رەمزییانە، کە شـوێنی تێرکردنیڕاسـتەقینانەیئارەزوو دەگرێتـەوە، خەونی ئامادەیی هـاتووە بەمـەش میتافیزیقیـای ئامـادەبوون شـوێنی ئـارەزووی ئامـادەیی دەگرێتەوە، کەواتە با واز لە خەون بێنین پـەنا وەبـەر ئـەوەی لەخەونـەوە بەرهەمـدێت ببـەین ئەگینا دەبێ بۆ لەدەستدانی تایبەتییەکانو نزیکبوونـەوە لـە رەهـا، ئامـادەبوون لەبەرامبـەر خوود دا ئەوپەڕی توندوتیژیی بەکاربهێنن، ئەگەرچی هەموو ئەوانەش وەکو خەون دەمێننـەوە، وێڕای ئەوەی ئامادەیی تەواو ئامادەییەکی خەون پێوە بینراوە، بەلاّم لە میتافیزیقیای خۆرئاوادا وەك"ئامادەییەکی تواوەو کاریگـەر "بـۆ تـرس" دەمێنێتـەوە، دیریـدا بـۆ ئەمـە بەڵگـە بـە "دانپیانان"ی رۆسـۆ دێنێتـەوە وەختـێ دەڵـێ خۆشـیی ئـەو چارەنوسـەی لـە پێنـاو مرۆڤـدا دروستکردووە، ئەگەر بەتەنها جارێکیش تامی خۆشیی خۆشەویسـتم چێشـتبێ لـە ژیانمـداپڕ بەماناکی، من پێموانییە بوونی لاوازانەی من توانای تێربوونی هەبێ،کەواتە یەکسەر دەبم بـە "مردوو"دیریدا کۆتایی پێدێنێو دەڵێ ئامادەیی ئـارەزووی تێدایـەو لەهەمانکاتـدا شـایانی ترسیشە چونکە خودی خۆشیی جگە لەناوێکی تری مردن شتێکی تر نابێ[7]

## لۆگۆسێنترالیزم Logocentrisim

لە چوارچێوەی لێکترازانی میتافیزیقیـای خۆرئـاوادا دیریـدا بـە لێکۆڵینـەوەی سـێنتڕالیزمی عەقلی خۆرئاواییدا هەڵدەستێ، ئـەم سـێنترالیزمە هـەر وەك کیلـەر دەڵـێ لەسـەر بنـەمای سیستمێکی مانایی فیکریی، حەقیقەت، عەقلو لۆژیـك ، وشـەی لۆگـۆس" سـەرهەڵدەدات، ئەمە وەك بنەمایەك تێدەگات یاخود پێشینەیەکی ئاماژەکانە یـان دیاردەکـانی دەرەوەیـە کـە دەکرێ لێیەوە سەرهەڵبداتو سەربەخۆش بێت[8]

پاشان بە هۆی هـەوڵێك " لەگـەڵ زۆری دەلالەتـەکان لـە (ئاخـافتن – حەقیقـەت- عـەقل- لۆژیك)دا Logos لە بەرامبـەردا دادەنرێـت بـۆ پارێزگـاریی لـە پێـدانی مەرجەعیـەتێك کەسەنتەر پێکبهێنێو بەشداری بکات لە دامەزراندنی بونیادێکی بەهێز لە نەخشەی گـوتنی فیکردا" لەگەڵ هەموو ئەوەی کە دیریدا بۆی دەچێ لە هەوڵـدانی روخانـدنی یەقینگـەرایی رەهایە لە هزریی خۆرئاواییدا، رەخنەکانی دیریدا لەدوو توێی ئەو بونیادانـەی کـە بـەدەوری

سێنتەر گردبوونەتەوە زۆرتر بەرەو بوارە جۆراوجۆرەکان درێژ دەبێتەوە، دەکرێ دیارترین دیاردەکانی سێنترالیزەبوون بەدەوری عەقڵدا گوتەی سەرەتایی بێت جا ئەم سەرەتایە سەرەتایەکی ئەبستمۆلۆژیی بێت و پێ لەسەر عەقڵ و تێگەیشتندا بگرێت یاخود سیکسوالیکی نێرینە یا پیاوانە بێت کە لەسەر ئامادەیی (خود)دا دەستبەکاربووبێت[9] ، دیریدا دواتر بەرەو گوتەی سێنترالیزەبوونی رەگەزپەرستانەی خۆرئاوا دەچێ و میتافیزیقیا لە دیدی ئەودا "ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵێکی رەگەزپەرستی خۆرئاواگەرایە[10]

هزری خۆرئاوایی لەسەر سیمای میتۆلۆژیایەکی سپییەوە رێکدەخرێ، فەلسەفە تیایدا وەك بەرهەمێکی میتۆلۆژیی دەبێ بۆ مرۆڤی سپی پێست کە بەدرێژایی زەمەن تا ئاستی میتۆلۆژیاوغەیب کاری لەسەر ونکردن و سڕینەوەی هزری ئەوانی تردا کردووە[11]

## سێنترالیزمی دەنگ و نوسینی لاواز Phono Centrism

سسێنترالیزمی دەنگ یاخود ئاخافتن لە فەلسەفەی خۆرئاواگەرادا دالێکە لە میتافیزیقیای ئامادەبوو رەگی لە هزری خۆرئاوایدا هەر لە ئەفلاتوونەوە بگرە تا دەگاتە هایدگەر، کە سەرەتایەك دەداتە زمانی مەحەکگەرا، ئاخافتن لە مانا زارەکیەکەیەوە بۆ ماناو بۆ دەنگ بۆ ئامادەبوونی هۆش دادەمەزرێنێتت، ئامادەبوونێك بۆ (من) کە دەدوێ و خاوەن تایبەتمەندییەکی دیاردەگەرایە، لەو کاتەی کە دەدوێ دەنگی خۆی دەبیستێ، ئەم سێنترالیە دەنگییە ناکۆکییەك لە نێوان ئاخافتن و نوسییندا بەرهەمدێنێ ، کە لەنێو تێکڕای ناکۆکییە بونیاتنراوەکانی میتافیزیقیای ئامادەبوونی خۆرئاواگەرادا ناکۆك دەبێ و دەبێتە هۆی کورتکردنەوەی نوسین،بەو پێیەی کە پاشکۆ یاخود ئیزافەیەکی تەواوکارە بۆ ئاخافتن و ئالیەتێك و خاوەن وەزیفەیەکی لاوەکییەو، ئامادەیی دەنگ خۆی ئامادەیی رووداوی کۆمینیوکاسیۆنییە لە چوارچێوە زارەکییەکەیدا لە یەککاتدا ئامادەبوون بۆ دانەر، بۆ قسەکەر، بۆ گوێگر، دواتر گرێبەندییەکی ناوکۆییە ،پەیامەکەی لە بەد حالیبوون و راڤەکردن دەپارێزێت، لێرەدا ئەم چەمکە لە رێگەی لێکدانەوە هەڵوەشاندنەوەییەکەی دیالۆگی "فیدیرۆس" و ئەفلاتون رۆڵێکی میحوەرییانە دەبینێ ، دیریدا بۆ ئەمە بەڵگە دەهێنێتەوەو دەڵێ کە فەیلەسوفی گریکی نوسین وەك نەزۆکییەك و ئالۆزیی و ناودزیی دەشوبهێنێ، وشەی فارماگۆن لەوێدا واتای ژەهر یان دەرمان دەگەیەنێ ، سروشتێکی لێکدراوی نوسین بە کۆکردنەوەی لایەنە سودمەندە

راستەوخۆکانی کە لەئەزبەرکردنو نوسینەوەدا بەدی دەکرێت، ئەمە بەشدارە لە دەستەبەر نەبوونی مانا لەدەرەنجامی غیابی گفتوگۆیزارەکییانەو نەبوونی دەنگی راستەوخۆو زیندوو، کەپەیامەکەی لەسیاقێکی کۆمینیوکاسیۆنیدا قەبوڵە، بەوەی کەئەم ئامادەبوونە تەواوەی مانا لە سیاقی ئاخافتندا جگە لە هەڵخەڵەتاندن شتێکی تر نییە، هەتا ئەگەر ئاخافتن وێنە رەوانبێژییەکانو مەجازەکان وەك خوازەیەك ببڕێ کە بەتەنها خاسیەتێك نییەلە خاسیەتەکانیئەدەب،

ئەفلاتون لە "فیدرۆس"دا بەم شێوەیە دەستپێدەکات"پیاوانی ئازاد رێگە نادەن کە لەدوایاندا نوسینی نوسراوە بکرێتە پاڵپشت لەسەر ئەو شێوەیەی کە نوسەرو سەفسەتەکان ئەوانەی کە گوزارشت لە بۆچونەکانی خۆیان ناکەن بەقەد ئەوەی کە بۆچونەکانی ئەوانی تر دەگوازنەوە،ئەمەش پالی بە سوکراتەوە نابوو کە وەلاّم بداتەوەو بلّێ ئەوەی گرنگە ئەو کەسانە نین بەڵکو ئانو ساتو زروفی کە تیایدا دەنوسرێ و حەقیقەتو ئەوبابەتانەی کە پێیەوە دەلکێنرێنن، کەواتە چەمکی "بابەت" کە پاڵنەری خۆی هەیە (فیدرۆس) ناچار دەکات ئەفسانەی ئۆریتا Orithye بەبیربێنێتەوەکەبە پێگەو بابەت لە زمانی یۆنانیو عەرەبیدا ئاماژەی پێدەدرێت بەرەو کەوتنە خوارەوەی لەسەرەوەی بەرزایی ئەمەش لەساتەوەختی خۆیدا کە بە جوانی پێگەکەیسەرسام دەبێ، هەر ئەمەشە کە سوکرات هاندەدا گوتە گاڵتەجارەکەی خۆی بلّێ کە دەڵێ کەوتنی ئەو کچە لە بۆرییە Boree دا تەواو بوو، ئەو ساتەوەختەی کە لەگەڵ دەرمانسازەکەدا گاڵتەیان دەکرد ئاماژە بەوە دەکا کە ئاوی چارەسەر لەم پێگەیەدا بوونی هەیە[12]، لێرەوە دەلالەتی وشەی (فارماگۆن) بەرجەستە دەبێ بەوەی کە دەلالەتە بۆ زانستو سیحری ،پزیشکیو ژەهر، نوسین لێرەدا چالاکییەکی مامناوەندی ترسو لەرزە، نوسین لای ئەفلاتون وەك (کورێکی لەدەستچووە)و لەهەمانکاتدا وەك شۆڕشگێڕێك دەمێنێتەوەو لەدوایشدا هەروەك کە شاعیرانی وەدەرنا نوسینیش وەدەر دەنێ،رۆسۆ لە وتاری خۆیدا (وتار دەربارەی بنەڕەتی زمانەکان) جەغد لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەئاخافتن لەراستیدا بنەڕەتی زمانەو نوسینیش زۆر ناکات کە بەتەنها ببێ بە فۆرمێك لەفۆرمەکانی مشەخۆریی"[13]، لێرەدا جارێکی تر نوسین وەك هەڵسوڕاوێکی تەواوکەر دەبینینەوە، بەلاّم لەلایەکی ترەوەنوسینێکی تر هەیە کە پێگەی نەمریی پێکدەهێنێ،ئەویش نوسینی خواییە، (ئەمە

بنەڕەتی نرخو دەنگی هۆشیاریی، دڵوهەست بەوەی کە یاسایەکی خواییە هاوسنگ دەکات (....لێرەدا ماوە هەیە کە بڵێین نوسینی چاکو خراپ لەگۆڕێدایە، نوسینی چاکو نوسینی سروشتی، نوسینی خوایی لەناو دڵو گیانو نوسینی عەیبدار، دەستکرد، نوسینی تەکنیکییو وەدەرنراو لە جەستەداو لەناوەوە بۆ نەخشە ئەفلاتوونییەکە تەواو رێکخرابێتەوە، دەبێ نوسینێك بۆ گیانو یەکێکیش بۆ جەستە ، نوسینێك بۆ دەرەوەو یەکێکیش بۆ ناوەوە، نوسینێك بۆ هۆشو ئەوەی تریش بۆ ئارەزووەکان بێ، هەروەك چۆن دەنگێك بۆ رۆحو دەنگێکیش بۆ جەستە هەیە)،[14] بۆیەنوسین زێدەیەکی مەترسیدارە، بۆ فێڵێکی دەستکردو دروستکراوبەمەبەستی نیعمەتی ئامادەبون بەسەر ئاخافتندا هاتۆتە کایەوە.. ئەو کاتەی کە دیریدا (لیڤی شتراوس) دەخوێنێتەوە،بەو پێیەی کە پاشماوەی دەمارگیریی خۆرئاوایی لە ئارایە بەسەر سێنترالیزەبوونی دەنگدا، کە شتراوس تیایدا لەزمانناسیبونیادی تایبەتدا بەردەوامی دا بە هزری سۆسێرو باکبسۆن، دیریدا لەکتێبەکەی شتراوسدا(مدارات حزينه) نموونەیەك وەردەگرێت ئەویش گۆڕانی تیرەی (نامبکوارا) لە هیندەسوورەکانی بەرازیل بەرەو "شارستانییەت" کاتێ کە فێری نوسین دەبن هەست بە تاوانو غەم دەکەن ، بەهۆی ئەو ئارەزووە بەرزەی کە لە رێگەی ئاخافتن بۆ یەکگرتن هەیانبوو، نووسین لێی پیس کردن ، دیریدا توندوتیژیی بێدەنگ لە نووسیندا رەتناکاتەوە، بەڵام پێی وایە (بابەتی بەرائەتی لەدەستچوو جگە لە وەهمێکی رۆمانسییو نمایشکردنیناوادەی ئەوەیدواییدا بۆ نهێنیگەرایی ئەو بنەمایانەی کە رۆسۆ قسەی لەسەر کردووە شتێکی تر نییە)[15] ،ئەوەی کەئەم دیدەئەفلاتوونییەبەهێز دەکات لای شتراوسدا رەواجی بڵاوبوونەوەی منداڵ ناوی هەندێ لە هەندێکیاندا لەدەوروبەریتۆڵەی ئاڵوگۆڕیدایە، ئەگەر تیرەی (نامبکوارا) کوتو بەندی توندوتیژیان لەسەر بەکارهێنانی ناودا دانابێت ئەوا ئەم رووداوە ئاماژەیە بۆ پەلاماردانی رۆشنبیریی، کاتێ رۆشنبیریی وەك (نوسین)پێناسە دەکرێت، لێرەدا شتراوس هەست بە شەرمەزاریی دەکات بەو پێیەی کە لێکۆڵەرێکی خۆرئاوایی نێوان(سەرەتاییەکانە) رەنگەمشەخۆرانە مومارەسەی هەوەسی منداڵان بکاتو لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ناوی هەندێکیان منداڵان لە بەرائەتەکەیاندا دوور بکاتەوە، ئەمەش لەدیدی دیریدا دا سەرچاوەی ئیشکالە، ئەگەر نووسەر رەخنە لە شارستانییەتەکەی بگرێت شتێکیروونو ئاساییە،مادام

دابەشکەری رەخنەیی دەگەڕێتەوە سەر بنەڕەتی نوسین، بەلاّم بەمەرجێ پێشبکەوێو ئەوانەی کە(کارەکەی)ئەو دەکەن بزانن کە لە بنەڕەتدا بەهەڵە داچوونەو، مشەخۆر،و ناپەسند بوون، ئەگەریش لە کارەکەیدا وەکو خۆی بەردەوام بوو ئەوا دەبێتە شتێکی دیکەو لانیکەم زیاتر لە نیشانەیەکی سەرسوڕمانی دەوێ[16] ، بە پەراوێزکردنی نوسین لای فردیناند دیسۆسێرو زمانو نوسین(دوو رووی یەك ئاماژە جیاوازن) بۆ ئەمەش تەنها بەهانەیەك بۆ بوونی دووەم ئەوەیە کە پرۆسەی( لکاندن خۆی نوێنەرایەتی یەکەم دەکات) دەکرێ ئەو زێدە یەکلاکەرەوەیەی کە تیۆرەکەی دیسۆسێر لەگەڵ خۆیدا هێنای کورتیکەینەوە بەوەی کە قەبوڵنەکردنی دابڕانی نێوان دالومەدلولە بەڵکو دوو رووی یەك دراون ئەویش(ئاماژەیە) هەروەها سووربوونە لەسەر ئەوەی کە زمان جگە لە تۆڕێکی جیاوازیگەریی ماناییشتێکی تر نییە، مادام دال لە نێو خۆیدا رەگەزێکی ماددی تێدا نییەو بەلاّم کەینونەکەی جیاوازانەیە ئەوا ئەو جیاوازییەی نێوان دالو مەدلول لە جەوهەردا نابێ بە جیاوازیی، بەڵکو جیاوازیی نێوانیان تەنها دەبێتە جیاوازییەکی وەزیفیی، چونکە هەموو ئەوەی کە بۆ مانا دەگەڕێتەوە (دال)ە [18] دیریدا رەخنە لە دیسۆسێر دەگرێت ئەو کاتەی کە (چەمکی ئاماژە) دەخاتە روو چونکە ئەم چەمکە بوارێكو یاسایەك بۆ سۆسێر دەرەخسێنێو بەهۆی بوونی ئەوەی کە دیریدا ناوی دەنێت (مەدلولی ترانسێندێنتال) مەدلولێك کە جگە بۆلای خۆی نەبێت بۆ هیچ لایەك ناگەڕێتەوە،دیریدا دەڵێ( هەر دالێك زنجیرەی ئاماژەکان تێبپەڕێنێو لەو ساتەدا وازدێنێ بەوەی کە وەزیفەکەی خۆی وەك ئەوەی کە دال بەجێبگەیەنێ، لەگەڵ ئەمەشدا- بە پێچەوانەوە،لەکاتی کە مرۆڤ توانای ئەم مەدلولە ترانسێندێنتالە وەك پێگەیەکی پرسیارو گەڕان دادەنێتو دەزانێت کە هەر مەدلولێك لە دۆخی دالێکدایە لەوێوە جیاوازی نێوان دالو مەدلوول دەبێ بە گرفتێکی بنەڕەتیی، دواتریش ئاماژە بەم شێوەیەی لێدێ،[19] دیریدا لە تیۆرەکەی سۆسێردا ئاماژە بە لێکترازانێك دەکات کاتێ پێ لەسەر سروشتی دواخستنی ئاماژەی زمانەوانیدا دادەگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر ئەو وشانە دەنوسێت کە بەهۆی ماناکەیەوە ئیحا دەداتە دەنگەکەی، جۆناثان کیلەر دەڵێ (تێبینی بکە) وا دیارە گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەن تیۆریستێك کە جیاوازی لە نێوان راستی هاوکاتیو راستی مێژوویی دەکات، لەگەڵ ئەوەشداو نامۆترین شتێکیش لەم دوور خستنەوە(نمایشگەرییە)ی دیریدا

لەکتێبەکەی (glass) لایەنێکە پێمان دەڵێ زمان لە بنچینەدا نمایشگەرایە، جا بۆ ئەوەی سۆسێر ئاماژە زمانەوانییەکەی سنوردار بکات بەو پێیەی کە نمایشگەرایی بنچینەییە ،ئەو بەهانەی نمایشگەریی بە دوور دەخاتەوە[20] دەکرێ پڕ بایەختری ئاخافتن لە نووسین لای هیگڵدا لەدوو خاڵدا کورتبکەینەوە(یەکەمیان دەنگ لە ئاست نوسینداباپەخی زۆرترە لەبەر ئەوەی پێی وایە کە لەئامادەبوونو ئەزبەرکردنیدا لایەقترە ، دووهەمیش بۆ حەقیقەتی نووسینە، کە نووسینو زمانە نوسراوەکان بە نزیکتر لە دەنگ دادەنێ(ئەوەی کە پێی دەگوترێت زمانە ئەلیفبائیەکانو تیایدا پشت بە ئەبجەدییەتێك دەبەستێ کە بۆ هەر پیتێك ئاماژەیەکی دەنگیی هەیە)هیگل سەرجەمیان وەك یەك بە چاکتر دادەنێ، یاحود ئەو نوسینە ئیدیۆلۆگرافیانەی کە بە وشە هێما دەکرێن نەك دەنگ، بەڵکو بە وێنە، هەر وەك ئەوەی کە لە هیرۆگلیفیای میسریی یا چینیی دا هەیە[21] لێرەوە سەرەتای دەنگ سەرچاوە دەگرێ(بەو پێیەی کە ئامادەبوون لەدەرەوەدا دەبینێو لە رێگەی ئاخافتنەوە دەریدەبڕێو دواتریش دەیسڕێتەوە(دەنگ ماددەیەکی ئەسەرییە) کە لەجیددیەتی فیکردا دەپارێزرێ، ئەم دوو جوڵە لێکدراوانەی کە بە دەرهاویشتنو سڕینەوەیی جوڵەی لەبەرگیراو هەڵدەستێ ،مانای ئامادەبوونو سڕینەوەو پەنهانیی بۆ هیگڵ زەرورەتێکەو وەك کارێکی وەفادارانەوە بۆ دیالێکتیکە بنچینەییە لە ئاراکەی بەسەر نوسینەوەوسڕینەوەدا دەمێنێتەوە[22]دیریدا لە نێو سێنترالیزمی دەنگ یا ئاخافتنەوە دەگاتە دەقەکانی ئادمۆند هۆسرەلو ئەمە لە فینۆمینۆلۆژیا ترانسێندێنتالەکەی هۆسرەلدا بەدەردەخات، بەشێوەیەك کە تیایدا ئامادەبوون لە ویستی گوتندا گوزارشت لە خۆی دەکات،کە (هیچ شتێك نییە جگە لەوەی کە مانا دەیەوێ بدوێ) دواتریش ئامادەبوونی روونبینیی پێکدێنێو ئیرادەی گوتەی "مانا" لە نزیکی خودی مانا دا لە جیددییەتی مۆدەی —خودگەراییدا-دەردەبڕێوئیمتیازێك لە بەدەرخستنی مانا پێکدێنێ بەبێ جیاوازیی بەرجەستە بوو بە دەنگی زیندوو، دیریدا لەسەر ئەمە دەوەستێو دەڵێ(دەنگ مردووە، ئەودەنگەی کە هۆسرەل قەبوڵییەتی ، دەنگی سروشتیوماددەی دەنگیی نییە بەڵکو دەنگێکی فینۆمینۆلۆژیایترانسێندێنتالییە کە لە ئاخافتنو لە ئامادەبوون بۆ خودی خۆی لە غیابی جیهاندا بەردەوام دەبێ، ئیمتیازی دەنگ بۆ بوونیخۆی وا دیارە ئەو ناوبژیکەرەیە لەیەککاتدا هەم ئامادەبوونی بابەت لەبەرامبەر حەدس دەنوێنێ هەمیش ئامادەبوونیخودی نزیکی رەهای

کردەکان دەپارێزی[23].

## نوسین

ئەگەر بێتو پێمانوابێ بۆچونی دیریدا دەربارەی نوسین بۆچونێکی چنراوە وەك وەڵامدانەوەیەکی کردارییانە بۆ نوسینیلاواز لەژێر سایەی سێنترالیزمی لۆگۆسی خۆرئاواگەرای نێو میتافیزیقیای ئامادەبوون ئەوا کەوتووینەتە نێو خوێندنەوەیەکی ناڕاستو هەڵە، بۆچونی دیریدا بۆ(نوسین) لەستراتیژیای هەڵوەشاندنەوەگەراییدا لەرینەوەیەکی میتافیزیقیای ئامادەبوونە نەك جۆرێك لە بیرکردنەوەی پێچەوانەیی کە جارێکی تر قەبوڵی بێلەچوارچێوەی بونیاد دا خۆی ببینێتەوە، پاشان جارێکی تر لە میتافیزیقیای ئامادەبووندا دەبینینەوە، لێرەدا دیریدا پێ لەسەر نامەفهومییەتی نوسین دا دەگرێ ، لە راستیدا ئامادەبوونێکی نوێ نییە(نوسین یاخود کۆمەڵێك سیمای چاکی نوسین، یا نوسینی نموونەیی لە بەیانی نووسینیدا جێبەجێ ناکرێت هەروەها ئاماژە بە شوێنی بەرهەمهێنانی سەرەتایی دەکات ئاخافتنی تیادا بەدەردەکەوێت، هەروەك کە دەقی نوسراویشی تیا بەدەردەکەوێت،[24] ، کەواتە (گراماتۆلۆژیا) یا زانستی نوسین قەت نابێ بەزانستێك ، (ئەم پلە دوورەی نوسین هەرگیز بۆی ناکرێ وەك بابەتێکیزانستی بناسرێت) [25]

نوسین روخانی یەکانگیریی دالو مەدلولەو لەناو "ئاماژەی" سیمیۆلۆژیای دیسۆسێردا یەکدەگرنەوە،(هاتنە ئارای نوسین هاتنە ئارای گەمەکانە: ئەوەتا گەمەکان بۆ خۆیان دەگەڕێنەوە کە بڕوای وایە دەکرێ لێیەوە جوڵەی ئاماژەکانی ڕێکبخرێولەگەلیشیدا سەرجەم مەدلولەکانیدڵنیایانە بەسەرجەم شوێنەجێگیرەکاندا لابرێن، سەرجەم پەناگەکانی"دەرەوەی گەمەکان" کە بەسەر رووبەری زمانیان دەڕوانی یا پارێزگاریی لێدەکردن،ئەمەش مانای وایە روخانی"ئاماژە"و سەرجەم لۆژیکەکەیەتی بەتەواوی دیقەتەوە، بەمەش نوسینی ئاخافتنو نوسین لەخۆوە دەگرێو، [26] ،چەمکی زمان تێدەپەڕێنێو بەسەریدا دەڕوانێ، هەروەها دیریدا ئەمە بەم شێوەیە راڤە دەکاتو دەڵێت"ناونانی زمان" پێشتر بەهەریەکێ لە کردەو جوڵەو فیکرو بیرکردنەوەو هۆشیاریی‌و ناهۆشیاریی‌و ئەزموونو سۆزو هتد.. دەگوترا، ئەوەتا ئێمە ئەمڕۆ رووبەڕووی چەند مەیلێك دەبینەوە کە دەیانەوێ "نوسین"بکا بە ناونانێك بەسەر هەموو ئەم شتانەدا بە یەکسانیی، نەك بۆ جوڵە جەستەییەکانی کە نوسینی حەرفگەرایی یا وێناگەرایە یاخود ئایدیۆگرافی بەڵکو بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە دەکرێ هەبن، دواتر لە پشتەوەی لایەنی دال لەلای خودی مەدلولەکەیدا بە نێو هەموو ئەمانەدا [27] نوسین ئامادەبوونێکی پێشینەیی مانا نییە (نوسین مەعریفەیە ،ئەگەر هیچ حەرفێکی تریشی بەرهەم نەهێنا ئەوا مەئوایەکی تری نییەو چاوەڕوانی ئێمە نابێ تاوەکو رابردووی بوون بەتێگەیشتنێکی خواییانە بنەخشێنێ ، لەسەر مانا پێویستە چاوەڕێ بکات، بڵێو بنوسێ، تاوەکو خۆی جێگیر دەکاتو دەبێ بەجیاوازییەکی خودی خۆیش) [28] لەم ساتەدا ( نوسین هەرگیز

نابێ بە ڕەسمێکی سادەی دەنگ) "ڤۆلتێر" ئەم مانایە بە دارشتنەوەیەوە دێنێتە ئاراوە، بە داهێنـانی خـۆی لە نەخشەکێشان، لە هەنگاوەکان، لە دەرکـەوتن، لـە روخسـار، دەمانـەوێ توانـای گەیشـتنی هـەبێ تـا بێکۆتایی خۆی، بەو مانایەی کە ئێمەبـەردەوام دەمانـەوێ، نـەك بـەو مانایـەی کـە ئێمـە هـەموو کـات دەمانەویست"[29]

## جیاوازیی

بەگۆڕینـەوەی پیتـی (a) لـە وشـەی (Ladifferance)دیریـدا وشـەی Ladifference بـۆ چەمکی جیاوازیی) دادەنێت کە ناونانێك بوو پێشتر لەزمانی فەرەنسیدا لەئارادا نەبوو، بەم گۆڕینـە دەبـێ بە جیاوازییەك کە لە دەربڕینی وشەدا بەدەرناکـەوێت ئەگەرچـی لـە نووسـیندا بەدەردەکـەوێت، چـەمکی جیاوازیی بەهەردوو چەمکی دواخستنو فراوانیی دەبەسترێتەوە، بـەلاَم دواخسـتن یـاخود درێژکردنـەوە، لـە جیاتی (e) دا مانایەکی بـەردەوام یـەکانگیر دەبەخشـێ، کـە تیایـدا سیسـتمی دالی تێـدا دەبینرێتـەوەو هەرکاتێك دەق مانایەکی زیاتری بونیادی ئاماژەکـانی داپۆشـی ئـەوا مانایەکـە ئـالۆزتر دەبـێ[30] مانـا بەبەردەوام بۆ دواتر دوادەخرێ کەدەبێ بتوانرێ بەرجەستەبێو هەرگیزیش بەرجەسـتە نـابێ ، دیریـدا دەڵـێ (پێویستە دان بەگەمەیەك دابنێین کە دۆڕاوێك دەیباتەوەوئەوەیکە دەیدۆڕێنێ هـەموو جارێـك دەیباتـەوەو ئەگەر نمایشەکە گۆڕا تا ئاستێكو بە شێوەیەکی کۆتاییانەکارێکی چاك دەبێـتو شـایانی لادان نابێـت[31] بەلاَم فراوانی شتێك دەرناخـات، هـیچ شـتێكو هـیچ ئامادەبوونێـك لـەدوورەوە بـوونی نـابێ، لەراسـتیدا فەهرەستێك لەدەرەوە لادەر نییەو لەهەمانکاتدا فەهرەستی جوڵەیەکە، دەگوازرێتەوەو ئاماژە بە ئـەوانی دی نالادەر دەکات[32] دیریدا جیاوازییو هەردوو چەمکی دواخستنو فراوانـی بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوەو دەڵـێ (ئەگەر"جیاوازیی" وەك خۆی دواخستنێك نەبوو، ئەوا جوڵەیەکـە تیایـدا ژیـان بـەرەو دواتـر دوادەخـات، هەمووهەوڵێکیش بکوژە،(جیاوازیی بەوپێیەی فراوانـە هـەروەك ئـەو دەقـەی کـە ئێمـە پێـی هەڵسـاوین بەرجەستەی کردووە،بە پێچەوانەوە دژایەتی هەمووکۆکردنەوەو یەدەگێك دەکاتو خۆی وەك نووسینێکی تـر پێشکەش دەکات "وەك توانایەکیسڕینەوەی رەها پێکدێت" [33] کە دەلالەت لە سڕینەوەو مانەوە دەکـات، سڕینەوەی شتێكو مانەوەی بـە پـارێزراویی لـە باقیئاماژەکـانی تریدا،بەمـەش ئامرازێکـە بـۆ چـەمکە میحوەرییەکانی هزری دیریدان چەمکی پاشـماوە(La trace ) دەقو ئاماژەکـانو دەستخسـتنە نێوئـەو ململانێیە لەگەڵ ئاماژەکانی تری دواتردا، دیریدا ئەم چەمکەی لـە (ئـەمانوێل لڤینـاس)وەردەگـرێ، لای دیریدا چەمکی پاشماوە لەچەمکی (بەدەقبوون)ی جۆلیا کریستیفا هاتووە [34] .

## پەرتبوون Dissemination

زاراوەی دیسیمینەیشن لای دیریدا ئاماژە بـە پرۆسـەی بـەبادانی گەردیلـەکانی مانـا دەکـات، بەتـەنها بەیەکگرتوویی نامێنێتەوە یاخود ناوکێك بێ بەدەوریدا کۆببنەوە، (ژان پیر رشـار) لـەکاتی شـیکردنەوەی

شێوازی مالارمێ لەکتێبەکەیدا ( جیهانی خەیاڵیی مالارمێ) 1961 ئاماژە بەوە دەکات کەلای (مالارمێ) لەبەرامبەر وشە ئینگلیزییەکان لە ڕۆمانی فەرەنسی لۆلیم بکفۆردا لەسەر ئەو ڕستەیەی کە لە نێو لیلی و ئالۆزیدایە تێکەڵ ئەو دژییەتییە بووەو پێی وایە "ڕۆشنایکردنی وشەکانە"ریشار لە نێوان سێبەرو تیشکدا پشت بە نارەزایی دەبەستێ ، ئەو ناوەی کە دیریدا لەسەر ئاستی دەلالیدا پشتی پێدەبەستێ بەشێوەیەکی پێچەوانەگەریی دێتە ناو باسەکە، ریشار جەغد لەوە دەکاتەوە کە مالارمێ " دژی تێکەڵکردنی مانایە" [35] ریشار لە شیکردنەوەکەیدا باس لەوە دەکات کە (دووبارەکردنەوەی هزرە سەرەکییەکان) بەهێزیی و کاریگەریی گەشەی بابەتی لەخۆوە دەگرێت، لەمەشدا پشت بە چەمك و تێگەسشتنەکانی گریماسی بونیاتگەرو بۆچونەکانی دەربارەی پێکهاتەی دەقگەرایی دەبەستێت، وەك ئەوەی کە کارێکە یەکانگیریی دەلالیانەی دەق بەدەردەخات.

دیریدا لە وتارەکیدا (الجلسه المزدوجه) رەخنە لەم بۆچونە دەگریٚ و هێرش دەکاتە سەر ریشار لەبەرامبەر ئەو بۆچونەی دەربارەی گەمارۆکەی دیسیمینەیشنی مالارمێ، جەغد لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمە لای مالارمێ شتێك نییە(لەدوا پلەدا مەدلولە) ئەو دیسیمینەیشنەی کە کە دیریدا بانگەشەی بۆ دەکات بە هیچ بنەمایەکی چەمککگەریی ناونانرێت و ئەو جیاکارییە تەقلیدییەی نێوان(مانای ئەسلی)و(مانای مەجازی) بەدووریدەخاتەوە، بەشێوەیەك کەخودی حەقیقەت بۆ بەجەماوەریبوونێکی خێرای وەرگێراوەکان دەگۆڕێت،(پەرش وبلاۆوی سپییێتییەکان بونیادێکی ئیستیعاری (خواستنئامێز) بەرهەمدێنن کە بەبێ دابڕان بەدوری خۆیدا دەسورێتەوە، بێگومان ئەمەش بەهۆی ئەو تەواوکارییەی کە لەسەر نوێنەرایەتی ڕۆڵە سەرکەوتووەکەی دەوەستێ) لێرە بەولاوە هەر ئیستیعارەیەك یا هەر مەجازێك بەوەی کە هەموو شتێك ئیستیعارییانەیە، هیچ مانایەکی حەقیقی بەدوای ئیستیعارە نەماوە.[36] دواتریش دەگا بە هونەری نوسین تا ئەوپەڕی ویست و ئامانجەکانی،کە ئامانجێکە هەرگیزلە وەهم و خەیاڵ جیانابێتەوەو لەحەیزیش دەرناچێ، پاشان نۆرەی ڕۆمانی (فیلیپ سۆلەرز)دێ، ئەو پەڕاوە نوسراوەی کە ئێمە پێویستیمان بە دێڕورستەکانی هەیە هەروەها بەو سیبەرو فۆرمانەیکە بۆ جیهانی شانۆی ئەدەبی دەیکێشێ[37] کە بۆ ئەوچەمکەی بلاۆوبوونەوە یاخود دبسیمینەیشنەکەی کە دیریدا خستوویەتە ڕوو پاڵپشتن، دواجاریش دیریدا خۆی لەم ڕۆمانەدا شانۆیەکی بۆ مانیفێستیحاڵەتی بلاۆوبوونەوە وەرگرت.

## هەڵوەشاندنەوەو تیۆری کردەکانی ئاخافتن

تیۆری کردەکانی ئاخافتنی ئینگلیزی،ئەمەریکی(ئۆستن ،سیرل) هەروەها بونیاتگەرایی تایبەتی فەرەنسی (مارتن ،گریماس) لەسەر گەڕانەوەی ئاماژەدا دەوەستیٚ و لە شوناسەکەی بەدەستناهێنیٚ، بەڵکو لە وتارەکەیدا مەیلی(پێشبینیی، ڕووداو ،سیاق) دەکات و تیایدا رەخنە لە تیۆری کردەکانی ئاخافتن دەگریٚ تاکو ماناکانی بەهێز بکات و یەکانگیریی دەلالیش زێدە بکات[38] دیریدا توانای دووبارەبوونەوە

هەڵدەوەشێنێتەوە، توانای دووبارەبوونەوەی ئاماژش رووەو هەڵوەشاندنەوەی شوناسەکەی دەچێت-هەروەك دیریدا پێی وایە-ئەمەش لەبەر هۆکاری ئەزموونگەرایی وەك دوورەپەرێزگرتنی سیاقەکان‌وهۆکارە دەلالییەکانی کە لەو گۆڕانکارییانەی لە سیاقی‌وتارئامێزانەی ناوەخۆدا هەن، دیریدا لە تیۆری (ئۆستن)دا تێبینی تەرکیزکردنی (نیازی دانەر) دەکات کە لەدەقەکەیدا ئامادەیە، دیریدا پێ لەسەر ئەوەدا دەگرێت کە نیازی دانەر ئامادەو روون نابێت تەنها ئەگەر سیاقی هەمووەکیی بەشێوەیەکی سەراپاگیرانە سنووردارو دیار بێت، دیریدا تیۆری ئۆستن دەگەڕێنێتەوەبۆ میتافیزیقیای‌ئامادەبوونی خۆرئاواگەرا کە لەسەر بنەمای مانا/مەن/ ئاخاوتن لە سیاقدا دەوەستێ، لەپاشاندا گوزارشت لە ئەبستراکتە وەهمییەکان دەکات، لە یەکێ لە وتارەکانی دیریدا دا بەناونیشانی (لە زماندا) دیریدا چەمکە ئاڵووێرەکان بەشێوەیەکی گشتی‌وتیۆری ئۆستن‌وسیرل بەتایبەت هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش لەکاتی دیالۆگە خەیاڵئامێزانەکەی خۆی لەگەڵ رۆژنامەی لۆمۆند دا بەدەرکەوت‌و تیایدا دووپاتی دەکاتەوە کە (لێرەدا شتێك لە داخراویی لەخۆوەگری سیاقی هەر سیاقێکدا نییە)[39]

## دەق‌و هەڵوەشاندنەوە

لەبەرامبەر تیۆری"دەق"ی بونیاتگەری کە گیانی ئامادەبوونی خواردۆتەوەو نغرۆ لە دارشتنە گەڕاوەکەی بەدوای پرەنسیپی شاراوەی لە پاڵ بونیاتدا، نغرۆ لە دەق لە شێوازی ترانسێندێنتاڵی دەقدا، تیایدا بەشەکانی وشە پەرپووەکان وێنا دەکات، تا پەرتەوازەییەکی رەخنەیی بونیاتگەریی کۆبکاتەوە، لە دیدی هەڵوەشاندنەوەدا دەق وەك زادەی زمانێکی گران دێت، کە لێی جیاوازەو تێکی دەدات دەیگۆڕێ تاکو نەبێ بە مۆمارەسەی میکانیزمێکی دووبارە، چونکە دەق بێ کلكو بێ سەرە، دەبەنگە، بێ سەنتەرێکی مەرجەعییانەیە، لەبەر ئەوەی گەمەیەکە شتێکی هاکەزایی‌و دوورەپەرێزخراو نییە، گێل نییە تاکو بۆ رێکەوتی یارییە سەرەتاییەکە بەجێمابێ کە دەمانەوێ...دەق فرە تۆوە، هەمیشە لەپێشدا دابەشکراوەو نوسین لەسەرجەم ئاراستەکاندا پەرتەوازەی دەکات، هەر لێدانێك گەر بمانەوێ ئاماژەیە بە گەمەیەك،لەیەککاتدا وەك کراوەیەك‌و داخراوێك دێتە بەرچاو، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بانگەشەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوە لە پێناو گەمەیەکی نوێی بەرائەتدا[40] .

خوێندنەوەی دەق پێویستی بە گوێچکەی سێیەم هەیە، بەلای کردەی هەبوونی میتافیزیقیاوە ناچێ ، ئەرکەکە بۆ دیریدا وەك فەسادکردنێکی ئەم هەوڵە فەلسەفییەیە، هەڵوەشاندنەوە جوڵەی لێکدراو لەخۆیەوە دەگرێ ، نوسینی لێکدراوی جیابووەوەو ناوەك یەك ،جوڵەی یەکەم کەڵەکەبووە میتافیزیقیەکان وەردەگێرێ، لە رێگەی بلاوکردنەوەی یەکێ لە دژەکان‌و جوڵەیەکی تردا (بالا دێنێتە خوارەوە) یان دەبێ دووبارە ناوە کۆنەکەی خۆی لە گەمەیەکی تردا تۆماربکات یاخود دەبێ وێناکردنێك بەدەرخات کە هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەدات‌و وەکو ملکەچێکیش خۆی بەجێنەهێڵێ تاوەکو بەرزیی ببەزێنێ[41]

خوێندنەوەی دەق لەگەڵ گوتاری تایبەتی نێویدا وەك یەکە، ئەم وەك یەکییە توانای مامەڵە لەگەڵ نهێنییە زمانەوانییەکاندا لەخۆوەدەگرێ کە لـە ڕێگەیـەوە چارەسـەری دەق دەکـەین، بـەلاّم نهێنییـەکان بـە بـەها رۆشـــنبیریی و ئایـــدیۆلۆژیاکانی دەرەوەی دەقـــی هاوچـــەرخ و کۆنـــەوە بەنـــدن، لەبـــەر ئـــەوەی زمـــان و رۆشنبیریی و ئایدیۆلۆژیاکان لە دەق گەورەترن، بۆیە شتێکی ناشیاوە کە گوتاری دەق تـەواوکار بـێ، لێـرەدا دەکرێ بڵێین کە دەقەکان لە Gops پێکدێن، هەڵوەشاندنەوەش هەروەك باربارا جۆنسۆن دەڵێ(زڕاندنێکی ڕێك و پێکی هێزی دەلالەتە ململانێکەرەکانی دەقە)[42] دیریدا ئەم مانایە دووبارە دەکاتەوە کە ڕەگـەزەکانی زڕاندن یاخود خاڵەکانی بڕین یا کەلێنـەکان مامەڵـە ناکـەن، دەقـیش ، هـەر دەقێـك وەك کۆمەڵەیـەکی یەکانگیرە، لەوێ لە هەر دەقێکدا تەنانـەت لـە دەقـە میتافیزیقیـە زۆرتـر تەقلیدییـەکانیش هێـزی کـار لەیەککاتدا هێزی هەڵوەشاندنەوەی دەقـە، لـەوێ هەمیشـە توانایـەك هەیـە ، چـونکە لـە خـودی دەقـە خوێندراوەکەدا ئەوەی هاوکاری دەربڕینی دەکات و ئەوەشی کە وای لێدەکات خۆی خۆی هەڵوەشێنێتەوە بەدی دەکرێت[43] ئەم دیدە نوێیەی دەق بۆچونی ڕەخنەی نوێی لە ئارای لەسـەر بۆچـونی کـۆلیریج بەشـێوەیەکی ئەندامییانە هەڵدەوەشێنێتەوە ،ئەویش ئەو بۆچونەیە کـە دەڵـێ قەسـیدە یەکێتییـەکی فـۆرمی هەیـە وەك یەکێتی فۆرمی سروشتی، بەلاّم لە بڕی ئەوەی ڕەخنەگرانی شیعر یەکێتی جیهانی سروشـتیی و ئاوێتـەبوونی بدۆزنەوە، مانای فرە شێوەیان دۆزییەوە، لە کۆتایشدا ئەم ڕەخنەیە کە بەدوای ڕەخنـەدا دەگـەڕا، گـۆڕا بـۆ ئـــاڵۆزیی و فـــرە مانـــایی لێـــرەوە دەق لـــە هەڵوەشـــاندنەوەدا وەك خۆڕاگرێـــك لەبەرامبـــەر هـــەر هەوڵێکی گەمارۆدانیدا دەمێنێتەوە، دەقیش تێکەڵەیەکە لە دەق و نهێنییەکانی ،دەق پەیوەستدارەبە چەمکی پاشماوە، یاخود بەدەقبوون(بەدەقبوون لای هەڵوەشاندنەوەگەراکاندا بەوە دەگوترێت کە دەق پشت بە چەمك و وێنە و نهێنیی و نەریت و دەقەکانی پێشووو تێوەگلانی ببەستـێ)بەدەقبوونیش وەك ئـامرازێکی ڕەخنەییانـەی یەکلاکەرەوە بنـەماکانی دەق ئیبراز دەکـات و بلاّوبوونـەوەی مانـا ئاسـان دەکـات و نـاجێگیریی سـیاقیش دەسەپێنێ، هەروەها بەدەقبوون لەهەمانکاتدا بازنەیەکی مێـژوویی دەسـەپێنێ کـە سـێنترال نـەبووە و لـە بنەڕەتدا لە کەلێن دەچێ، جیاواز لە سەنتەری دەقەکان،ئەمە حەتمییەتی ئازادیخوازیی دەردەخات[44] لەبـەر ڕۆشنایی پێداگرتن لەسەر بەدەقبووندا وەك ئەوەی کە کردارێکە دەق ناچار دەکات ماناکـانی بلاّوبکاتـەوە و لە دەلالەتی کۆتاییدا نەوەستێ، دەکرێ لەو گوتەیەی دیریدا تێبگەین"هیچ شتێك لەدەرەوەی دەقـدا نییـە، خراپکراویش تێگەیشتنێکی دیارە، نەك بەمانای ڕەتکردنەوەی بایەخی مێژوو و واقیع.. بەڵکو لەبەر ئەوەی کارەکان هەموویان لەنێو یەك شتدا (لەناوەوەدا) کۆبوونەتەوە،ئەگـەر بێتـوو کـاری ڕاسـت بـن، دەربـارەی ئەوەی دیریدا دەیەوێ(بەبێ مێژووی ناوەوە) لێرەدا هەمـوو شتێك نووسینە ، بەمانا بەهێزەکـەی وشـەوە یـان ڕووداو ڕوونادات و زێدە نابێت، تەنها بەوەرگرتنی مانا لە پاشماوە یـان بانگـەواز بـۆ زێدەگـەرایی، هـەموو شتێك گۆڕانئامێزانەیە و دواخستن و ئاڵوێرگەرانەیە و زنجیرەیەك لەگواستنەوەی جیاوازیگەرانەیە[45] .

## پەراوێزەکان

(1) البنية اللعب العلامة في خطاب العلوم الإنسانية , ترجمة د/ جابر عصفور مجلة فصول ج 11 عدد 4 شتاء 1993

(2) الكتابة والاختلاف , جاك دريدا , ترجمة كاظم جهاد , دار توبقال – المغرب ط 1 سنة 1988, صـ61

(3) تحولات التأويلية , رينر روكاتز , ترجمة فريق الترجمة بمجلة العرب والفكر العالمي العدد التاسع, شتاء 1990, ص57,ص58

(4) – (5) النقد الأدبي الأمريكي , ليتش , ترجمة محمد يحيى ,المجلس الأعلى للثقافة مصر ط1 سنة 2000 ص 287,281, وانظر البنيوية وعلم الإشارة , لترنس هوكز, ترجمة مجيد الماشطة , بغداد, دار الشئون الثقافية ط1/1986 صـ 141, كذلك مقاله إدوارد سعيد (مشكلة النصية: موقفان أنموذجان) ويقارن فيها بين نصية دريدا وفوكو , (نظرية الأدب في القرن العشرين) ل, م نيوتن , ترجمة د/عيسى العاكوب, عين للدراسات والبحوث ط1/1996, صـ174

(5) معرفة الآخر , مدخل إلى المناهج النقدية الحديثة , تأليف عبد الله إبراهيم , ص123,والبنيوية وما بعدها جون ستروك , سلسلة عالم المعرفة عدد 206 ترجمة د/ محمد عصفور ص207

(6) مدخل إلى فلسفة جاك دريدا ساره كوفمان, وروجي لابورت, ترجمة إدريس كثير , عز الدين الخطابي .أفريقا الشرق 2/1994.ص 22

(7) السابق : صـ34

(8) فرديناند دي سوسير، جوناثان كلر , ترجمة د/ عز الدين إسماعيل , المكتبة الأكاديمية ط1/2000, صـ 194

(9) معرفة الآخر (م, س) ص129 ,130

(10) الكتابة والاختلاف (م, س) صـ26

(11) مدخل إلى قراءة دريدا في الفلسفة الغربية , بما هي صيدلية إفلاطونية , كاظم جهاد فصول جـ 11 عدد 4 شتاء 1993 ص 316 .

(12) مفهوم "الكتابة" عند جاك دريدا محمد علي الكردي, فصول 14العدد الثاني صيف 1995 ص232

(13) مدخل إلى فلسفة جاك دريدا ,(م, س) ص 18 .

(14) التفكيكية النظرية والممارسة , كريستوفر نوريس , ترجمة د/ صبرى محمد حسن دار المريخ, الرياض ,1989, صـ84

(15) الكتابة والاختلاف, (م/ س) صـ 118 .

(16) التفكيكية , والنظرية والممارسة , (م, س) صـ96

(17) مدخل إلى قراءة دريدا في الفلسفة الغربية (م, س) صـ 203 .

(18) السابق مدخل إلى فلسفة جاك دريدا (م, س) ص 19

(19) فرديناند دي سوسير (م, س) , ص 197, .

(20) فرديناند دي سوسير (م ، س) ، ص 198.

(21) السابق : صـ 199 .

(22) مدخل إلى فلسفة جاك دريدا في الفلسفة الغربية (م, س) صـ 197 .

(23) السابق .

(24) نظرية اللغة الأدبية , خوسية ماريا يوثيلو ايفانكوس, ترجمة د/ حامد أبو أحمد , مكتبة غريب, بدون , صـ 154

(25) نظرية اللغة الأدبية , خوسية ماريا يوثيلو ايفانكوس, ترجمة د/ حامد أبو أحمد , مكتبة غريب, بدون , صـ 154 .

(26) الكتابة والاختلاف صـ104

(27) السابق صـ107 .

(28) السابق صـ 142.

(29) السابق صـ 144.

(30) نظرية الأدب وقراءة الشعر , ديفيد بشبند , ترجمة د/ عبد المقصود عبد الكريم , الهيئة العامة للكتاب, مصر . صـ 82 .

(31) الاختلاف المرجأ , جاك دريدا, ترجمة هدى شكري عياد ، فصول جـ6 عدد 3 سنة 1986 صـ62

(32) مدخل إلى فلسفة جاك دريدا , صـ41.

(33) السابق ، صـ43 .

(34) السابق صـ29 .

(35) التفكيكية بيير زيما ترجمة أسامة الحاج , المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر , سنة 1996صـ 86.

(36) السابق صـ93 .

(37) الكتابة والاختلاف , (م، س) صـ66
(38) التفكيكية , بيير زيما , (م, س) صـ 180, النظرية الأدبية المعاصرة رمان سلدن, ترجمة د/ جابر عصفور , طبعة قصور الثقافة , ط2/1996 , ص169
(39) مدخل إلى فلسفة جاك دريدا (م, س) ص76 , ص74
(40) مدخل إلى فلسفة جاك دريدا (م، س) ص76 .
(41) السابق ص74.
(42) نظرية الأدب وقراءة الشعر ، صـ 76 .
(43) النظرية الأدبية المعاصرة, (م, س) وانظر بالتفصيل العمى والبصيرة, يول دي مان, ترجمة سعيد الغانمي ,المجمع الثقافي أبو ظبي, ط1 سنة 1995, فصل (الشكل والقصد في النقد الأمريكي الجديد) صـ49
(44) مدخل إلى قراءة جاك دريدا في الفلسفة الغربية , (م, س) صـ211, صـ212.
(45) صـ212

سەرچاوو
مجلة افق الثقافية

مدخل الى تفكيكية جاك ديريدا
محمد مصطفى على